# وا كە من مەرزیەم دەناسی[1]

كوێستان د
ستۆكهۆڵم
٢٠٠٥/٠٩/٢٨

كاتێك باسی مەرزیە بكەین دەبێت بەگشتی باسەكە بكەین بە دوو بەشەوە. یەكەمیان باسی مەرزیە وەك مرۆڤ و وەك تاكەكەسێكی گشتیی، واتە مەرزیە لە گۆڕەپانێكی سیاسیی و كۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی گشتییدا و دووهەمیان مەرزیە وەك ئەندامی خێزانێك.

١. مەرزیە لە هەرەتی جەوانیی خۆیدا بوو كە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی كورد سەری هەڵدایەوە. نیزامی پاشایەتی داگیركاری ئێران ڕووخا، بەڵام جمهوری ئیسلامی ئێران هاتە سەر حوكم. مەرزیە ئەو كاتە ڕەچەشكێن بوو، ڕێبازی شۆڕشگێریی هەڵبژارد و وەك كوردستانییەك، بەشداریی شۆڕشی كوردستان بوو.

٢. مەرزیە وەك خەباتگێڕ كەسێكی ڕادیكال بوو. لەگەڵ ئەوەشدا كە هەموو ڕیفۆرمێكی بەخێر دەهێنا، كە هەموو هەنگاوێكی باشی پەسەند دەكرد، ڕادیكالیەكەی پێوە دیار بوو، دیار بوو كە هەر بەوەندە ڕازی نییە. بەو شێوەیە هەمیشە داوای دەستكەوتی زێدەتری دەكرد.
لە خەباتی خۆیدا بۆ ژنانی كورد مەرزیە هەمیشە ئەو بالانسەی ڕادەگرت. دەیزانی دەستكەوت هەن كە هەر ئێستا بە گەرماوگەرمیی گرینگن، بەڵام دەستكەوتیش هەن كە دەبێت كاری زیاتری بۆ بكرێت و هەوڵی زۆرتری بۆ بدرێت. مەرزیە دەیگوت بەڵێ بۆ ڕیفۆرم، بەڵی بۆ هەنگاوی باش، بەڵام بەڵێ بۆ مافی زێدەتر.
لە خەباتی ژناندا بێ هیچ ئەملاولاكردن و گومان هێشتنەوەیەك دژ بە هەموو جۆرەكانی كۆنەپەرستیی بوو كە دژ بە ژنان بە ناوی كولتور و فەرهەنگ و داب و نەریتەوە دەكرێن. بە هەمان شێوەش لە خەباتی كوردستانیدا هەر ڕادیكال بوو.

٣. مەرزیە مرۆڤێكی سنوورشكێن و سنووربەزێن بوو. ئەو سنوورشكێنی و سنووربەزاندنەی لە پراكتیكدا ئەنجام دەدا. مەرزیە لە هەموو سیمینار و كۆڕێكدا، لە خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕیندا بەشدار دەبوو. لە زۆربەی زۆری كۆمەڵە كولتوری و چالاكیە سیاسیەكاندا بەشدار بوو. هەر شتێك بۆنی خەباتی كوردستانیی لێبهاتایە لەوێ بوو. هەر بۆ نموونە لە دوا كۆبوونەوەدا كە ئاوا مانگونیوێك لەمەوبەر كردمان بۆ ئەوەی خۆپیشاندانێك دژ بە جمهوری ئیسلامیی ئێران و لە پشتگیریی ڕاپەڕینەكانی كوردستاندا ساز بكەین، مەرزیە لەوێ بوو. پاشان لە خۆپیشانەكەشدا كە دوا خۆپیشاندانی كوردی سوێدە تا ئێستا، هەر بەشدار بوو.
بڕوانە، چەند سەربەرزیە كە كەسێك بتوانێت لە زۆربەی چالاكیەكاندا بەشدار بێت و بەر لە مردنیشی لە دوا دانەشدا بەشدار بێت. ئەمەیە دەرك كردن بە پێویستیی خەباتی

---

[1] ئەم نووسراوە لە ئەسڵدا چاوپێكەوتنێكی ڕادیۆییە كە ڕۆژی چوارشەممە ڕیككەوتی ٢٠٠٥/٠٩/٢٨ لەسەر "ڕادیۆی ئاوێنە" لە ستۆكهۆڵم پەخش كرا.

کوردستانیی، بە گرینگی بەشداربوون تیایدا. بەو شێوەیە مەرزیە بە کردەوە لە هەموو چالاکیەکی دژ بە وڵاتانی داگیرکار ئامادە بوو. مەرزیە دژ بە هەموو جۆرە بیرێکی ناکوردستانیی بوو، جا ئیتر هەر ناوێکی هەبێت. بێگومان ئەوەشی زۆر لەسەر کەوت. خەڵکانی بچووك، ئەو کوردانەی لێرە و لەوێ دژ بە بیری ئازادیخوازیی و کوردستانیین، دژی بوون، قسەیان پێ دەگوت و بۆ هەڵدەبەست و دەیانویست خەباتەکەی بە بچووك لە قەڵەم بدەن. ئەوان دەیانزانی کە خەتەری مەرزیە لەوەدایە کە دەتوانێت مەرزیەی دیکە دروست بکات.
بۆ مەرزیە کوردستان یەك پارچە بوو. هەمیشە ئاڵای کوردستانی بە دەستەوە بوو، هەمیشە ئاڵای کوردستانی لە بەرۆکی خۆ دەدا، هەمیشە بە جلوبەرگی کوردیەوە، هەمیشە بە سەری بڵند و سنگی بەرزەوە دەوێستا. کوردستان، کوردستان، کوردستان، هەمیشە کوردستان لەسەر زمانی بوو. لەسەر ئەوەش زۆر دژایەتی کرا، زۆر کەسی بەرپرسیار دەیوسیت مەرزیە لە کەسان و لاوانی ڕێکخراوەکەیان دوور بێت چونکە لە نفوزە کوردستانیەکەی دەترسان. لەگەڵ ئەوەشدا پارسەنگی حیزبەکانی ڕادەگرت، باسی برایەتی و خوشکایەتی و یەکێتی ڕیزەکانی کوردی دەکرد. بە ئەقڵی بچووك و ناکوردستانیی ئەو جۆرە بەرپرسانە پێکەنینی دەهات.

٤. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا مەرزیە هونەرمەند بوو. دەیزانی کامە شیعر هەڵدەبژێرێت و چۆنی دەڵێت. مەرزیە هەست و سۆزی دەخستە گۆرانیەکانیەوە. وەکو خوشك، وەکو دایك، وەکو ژنەپێشمەرگەیەك، وەکو رادیکالێك هەستی خۆی دەردەبڕی. دەنگی مەرزیە گەرم و بەسۆزە، بەڵام هەروەها چوست و پڕ وزە و پڕ باوەڕ و پڕ داوایە. لە پشت دەنگی مەرزیەوە مەرزیەیەکی سیاسی، کوردستانیی، بەجەرگ و بەخۆباوەڕ هەیە.
مەگەر ناپرسیت بۆ ئەم هەموو کوردە خۆشیان دەوێت؟ وەڵامەکەی زۆر هاسانە. لە دەنگی ئەودا سۆران و بادینان و بۆتان و هەورامان و گۆران هەن. لەهجەی مەرزیە لەهجەیەکی ناوچەیی نییە، بەڵکو لەهجەیەکی ستاندەردی کوردیە کە هەموو مەهابادی و سلێمانی و هەولێریەك خۆیان تێدا دەبینیەوە. کرمانج و فەیلی و ئەوانەی تر بەخۆشیەوە لێی حاڵی دەبوون، چونکە مەرزیە وای دەگوت کە حاڵی بن.
ئێمە هونەرمەندمان زۆرە، ئەوە شتێکی باشە، بەڵام هەموویان سیاسی نیین، هەموویان کوردستانیی نیین، هەموویان ئەو دەنگە بەسۆزەیان نییە کە دەنگی خوشك و دایك و پێشمەرگە و ئەنفال و هەڵەبجە بێت. بەو شێوەیە دەبینن کە خۆشەویستی کورد بۆ مەرزیە هەر لەبەر دەنگی نییە.
دەنگێك خۆش بێتە گوێ یان نا، مەسەلەی تامە. کەسێك دەنگێکی پێ خۆشە و یەکێکی تر پێی خۆش نییە، ئەوە هەر زۆر ئاساییە. ئەوەی لە مەرزیەدا تایبەتی بوو وا کە خەڵك خۆشیان بوێت، ئەو سۆز و هەست و خۆشەویستی و جیددیەتە بوو کە لە دڵییەوە، لە قوڵایی ناخیەوە دی ئاخنییە دەنگی خۆی.
بەو شێوەیە مەرزیە خەباتگێڕێکی کوردستانیی ڕادیکال و بەخۆباوەڕی هونەرمەند بوو. هەروەك چۆن هونەردۆست و منداڵدۆست بوو.

دووهەم، مەرزیە وەك ئەندامی خێزانێك
١. مەرزیە ژنێکی کورد بوو. ئەمە مانای خۆی هەیە. ژنی کورد نییە کە مانای ئەمە نەزانێت. ژنی کورد چاوەڕوانیی لێ دەکرێت بەو شێوەیە ژن بێت کە کۆمەڵگایەکی بندەستی وەك کورد

چاوەڕوانیەتی. کەواتە مەرزیە هەموو ئەو ئازار و خەفەت و دەردەسەری و مەینەتباریەی هەبووە و کێشاوە کە هەموو ژنێکی کورد هەیەتی و دەیکێشێت.
مەرزیە خوشکی گەورەی برا و خوشکەکانی بوو کە هێندەی من بزانم نازی دایکی داونەتێ.
مەرزیە ژنی ناسری ڕەزازیش بوو. ئەمەش شتێکە کە مانای خۆی هەیە. ببینن کوردستان وڵاتێکی داگیرکراوە و ناسریش کوردێکی ئازادیخوازی چالاکی هونەرمەندە، شەیدای چیا و دۆڵ و گوند و شار و خەڵك، پێی خۆش بووە و پێی خۆشە هەر ساتە و لە شوێنێکی ئەو کوردستانە بێت، حەتمەن ئەمە لە سەرەتادا بۆ مەرزیە هاسان نەبووە، هاسان نییە مرۆڤ ژنێکی وڵات و مێرد بە کۆڵ بێت. هاسان نییە ژنێك بێت و لە هەموو ئەو بزواندن و چالاکیانەدا بەشدار بێت و ژنێتی خۆیشی بکات، ژنێتیەك کە ژن دەبێت تیایدا ئاگای لە هەموو وردە هەنگاوێکی پێش و دوا و چەپ و ڕاستی خۆی بێت.
مەرزیە ناسری هێندە خۆش دەویست کە دەیتوانی هەموو ئەو کچ و ژنانەی خۆش بوێت و ڕێزیان لێ بگرێت کە بە بەرچاوی خۆیەوە ناسریان خۆش دەویست. ئاخر ئەمە هەر زۆر بەرزە، ژنێك کە بتوانێت بە شەیدایانی مێردی خۆی دڵخۆش و سەربەرز بێت، لە خۆی نەکات بە گرێی سەردڵی، نەیکات بە بیانوو و بە بەخیلیەك کە بەر چاوی کوێر بکات، کە بتوانێت دڵی ئەو مێردەی ڕابگرێت کە بە حوکمی ئازادیخوازی و هونەرمەندی خۆی لە هی زۆر کەس ناسکترە.
بەڵام مەرزیە دایکیش بوو. هەموو ئەو ژنانەی منداڵ و دووان و سیانیان هەیە دەزانن باسی چی دەکەم. مەرزیە هەر ئەوە نەبوو کە منداڵەکانی بەخێو بکات، بەڕاستی هەمیشە بە کۆڵێوەی بوون، فێری کردوون کوردستان چییە، هونەر و شیعر و ئەدەب و چالاکی چییە. ماردین و دڵنیا و کاردۆ سێ مرۆڤن کە هەر حەز دەکەیت بیانناسیت و نێزیکیان بیت. ئەمە شاکارە، ئەمە نموونەی کاری بڵندە.
کەسانی بەرپرسیار زۆرن کە قسەیان زل و دەنگیان بەرزە و منداڵەکانیان ئاوارە و سەرگەردان و دوور لە کوردستان دەسوڕێنەوە و تەنانەت زمانی کوردیش نازانن، یان لە هیچ کۆڕ و کۆمەڵ و چالاکیەکدا بەشدار نیین. بەخێوکردنی منداڵ بە گیانی کوردستانیی، ئازادیخوازیی، چالاکیی، بەخۆباوەڕیی، کارێکە، ئەرکێکە کە کار و شەونخوونیی دەوێت، خۆ لە خۆڕا نابێت.
مەرزیە هاوڕێیەکی باشیش بوو. هاوڕێیەك بوو کە جێی لە دڵی هەموو ئەوانەدا خاڵییە کە دەیناسن. کەسێك بوو هێشتا سێ چوار مەتر لێت دوور بوو باوەشی بۆ دەگرتیتەوە، لە دوورەوە بە باوەشەوە بەرەو ڕووت دەهات و پێ دەکەنی. هەر زووش باسەکە دەبوو بە باسی کوردستان و کورد، بە باسی منداڵی کورد، باسی حوکمەتی کوردستان و پەرلەمان و داگیرکار و چی و چی.
ئایا لە نەتەوەیەکدا چەند کەسی ئاوا دروست دەبێت؟
بەڵێ لە کوردستان پیاوان هەن کە زۆر شتی بەرزیان تێدایە و تێدا بووە، بەڵام وەکو مەرزیە دایك نەبوون، خوشکی گەورە نەبوون، ئەرکی مێرد و منداڵ و میوانیان لەسەر نەبووە، بەند و باوی کوردەواریی دەست و پێ و دەم و گەرووی نەگرتوون.
مەرزیە وەکو ژن تاك بوو. ئەمە بە زێدەڕۆیی تێ مەگەن. ژنی سەربەرز و خەباتکارمان هەن و زۆریشن، ژنی بەخۆباوەڕ و رادیکالمان هەن و کەمیش نیین، بەڵام کەم ژن هەن هەموو ئەو سیفەتانەیان تێدا بێت، هەموو ئەو کۆڵ و بارانەیان بە شانەوە بێت.

بزانن، بڕوانن، هێشتا ئێمە فریا نەکەوتووین بینێژین و بە خاکی پاکی کوردستانی بسپێرین، تازە وا دە ڕۆژ بە سەر مەرگی بێ وادەیدا تێپەڕ بووە، هەر چەند ڕۆژێك لەمەوبەر بوو گۆرانی بەسەر کوردستاندا دەگوت، ماوەیەکی تر جێی ئەو خاڵی دەبێت، ماوەیەکی تر تێدەگەین چ بەڵایەکمان بەسەر هاتووە، ماوەیەکی تر تێدەگەین چ کەسایەتیەکی گەورەمان لە کیس چووە.

ئێمە وەك نەتەوە زەرەرێکی گەورەمان کردووە.

ئەگەر پرسیار لە من بکرێت کە باشترین شت بۆ دڵخۆشیدانەوەی خۆمان چییە، من دەڵێم باشترین شت کە دڵی خۆمانی پێ خۆش بکەین، کە ڕۆحی مەرزیەی پێ شاد بێت، ئەوەیە کە هەوڵ بدەین مەرزیەکی نوێ لە ژنانی کورد دروست بکەین، ئێمە لە کوردستان کەمبوودی لەم جۆرە ژنانەمان هەیە.

ژنی چاونەترس، ژنی بەخۆباوەڕ، ژنی بەرابەریخواز، ژنی ڕەچەشکێن، دڵسۆزی نیشتیمان، ژنێك کە گەلی خۆی خۆش بوێت و شنازی پێوە بکات. بە کورتیەکەی ژنەموعجیزەیەك، سوپەرژنێك، ژنەمەرزیەیەك.

هەموومان، ئەوانەمان کە ئازادیخواز و رادیکالین، ئەوانەمان کە دەمانەوێت ژن و پیاوی کورد سەربەرز و بەرابەر و پشتبەخۆئەستوور بن، هاوڕێیەکی خەبات و دڵێکی گەرم و سەرێکی بەرزمان لە دەست دا.